www.kurdistannet.org
20:24 3-10-2006بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## ڕۆژگارێ بوو هەرتۆم ئەویست.. !! ژووان

لە دنیای ئەندێشمەدا
رۆژانێک بوو
بیرو خەیالّم هەر تۆ بوویی..
تۆ دلّێک بوویی
گوێم لەترپەو لێدانی بوو
گویم لەدەنگی ڕازو خواست و
مەرامی بوو
بەلاّم ئەفسوس
تۆ پەنجەرەی دلّمت شکان
تۆ پەیکەری ڕومت ڕوشان
کە گشت رۆژێک بە نهینی ڕازەکانما
ڕێبوارێکی ژەمبوردەبوی
بۆئامێزم خۆت کێش ئەکرد.
بەحەزێکی سەرشێتەوە
خۆت هاویشتیە
نیو باخەلّی ئەوینمەوە
من نەمزانی جەللادێ بوییت
ئەهرمەن بویت
ڕازێکی پیس و بۆگەن بۆییت!!
بەلاّم ئێستا
نەتۆزاوای یەک شەوەمی
نە منیش بووک
نە ئیلهامی شیعری منی
نە دێوانەی
نەڕازیکی پڕ لەسۆزی ئەو شەوانەی
لەئامیزما بۆم ئەگریاییت
هۆ، هۆ شێتە
لەو ڕۆژەو کە جیتهێشتوم
وەکوو جاران
شیعرم لانکەی دلّت نییە
ووشەیەک نیت لەهۆزانم
ئاوازێک نیت لە سترانم
نیگام دوورگەی نیگات نییە
کەشتی دلّت
لەکەناریا ئارام بگرێ!!

دڵەی مەستم
کۆشکی حەزوخۆزگەت نییە
دەرگای ئارامی بشکێنی!
هۆ. هۆ شێتە
ئەوڕۆژانەت لێ بەسەرچوو
کە چرکەوساتی عەشقێ بوو
سەری من و سوجدە بۆ تۆ!!
دڵنیابە
نویژێ ناکەم لەمزگەوت دڵی تۆدا
خوا بتبەخشێ
ئەوڕۆژانەت لێ بەسەرچوو
کەمن زیکرم بۆ تۆ ئەکرد!
لەوڕۆژەوە نەتۆ (مەم) ی و
نەمنیش (شەم) ی جێی ژووانم
نە (ژووان) م
نە (ژووان) م..

ژووان /سوئێد/ یۆتۆبۆری/2001/5/24